# تێڕامانێك له‌ بزووتنه‌وه‌ی كۆمۆنیستی و گرفته‌كانی

بژار
bizharpoet@yahoo.com

## دووا به‌ش

ئێستا ئیتر له‌م نووسینه‌دا كاتی ئه‌وه‌ هاتووه‌ كه‌ چوارچێوه‌یه‌كی گشتی ده‌رباره‌ی حزبی به‌رییینی چینی كرێكار به‌ ده‌سته‌وه‌ بدرێت . ئه‌وه‌ی كه‌ تا ئێستا ڕۆشنه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌ حزبی نوێدا ( حزبی به‌رییینی چینی كرێكار ) : 1- ڕابه‌رایه‌تی تاكڕه‌وی ده‌گۆڕدرێت به‌ ڕابه‌رایه‌تی به‌ كۆمه‌ڵ ( ڕابه‌رایه‌تی كردن به‌ هه‌موان ).

2- ناوه‌ندێتی سه‌ره‌وه‌ ده‌گۆڕدرێت به‌ ناوه‌ندێتی خواره‌وه‌ .

3- زنجیره‌ مه‌ڕاتیب بۆ هه‌تا هه‌تایه‌ كۆتایی پێ ده‌هێنرێت .

4- هیچ كه‌سێك و هیچ ئۆرگانێك خاوه‌نی ده‌سه‌ڵات نابێت .

5- یه‌ك ده‌سه‌ڵات له‌ حزبدا ده‌بێت كه‌ ئه‌ویش ده‌سه‌ڵاتی چینایه‌تیانه‌ی چینی كرێكاره‌ , وه‌ ناوه‌ندێتی خواره‌وه‌ , خۆبه‌خۆ , نوێنه‌رایه‌تی ده‌كات .

6- دیسپلینی حزبایه‌تی كۆتایی پێ ده‌هێنرێت و دیسپلینی چینایه‌تی جێگای ده‌گرێته‌وه‌ .

7- هیچ ئۆرگانێك به‌ ناوی ڕابه‌رایه‌تییه‌وه‌ له‌ حزب و ڕابه‌رایه‌تی كردنی به‌رپرسیار نابێت , ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ ڕاستیدا ڕابه‌رایه‌تی حزب ده‌كات و به‌رپرسیار ده‌بێت لێی , چینی كرێكار ده‌بێت , وه‌ نوێنه‌ری چینی كرێكار له‌ حزبدا هه‌ر هه‌موو ئه‌ندامان ده‌بن پێكه‌وه‌ , وه‌ له‌ سه‌ر بناغه‌ی ناوه‌ندێتی خواره‌وه‌ ده‌بێت .

8- زه‌وت كردنی ئازادی هه‌ر ئه‌ندامێك له‌ حزبدا و له‌ هه‌ر ڕوویه‌كه‌وه‌ بێت ( به‌ مه‌رجێك سنووری چینایه‌تی نه‌شكاندبێت ) , زه‌وت كردنی ئازادی هه‌موو ئه‌ندامان ده‌بێت پێكه‌وه‌ .

9- پاراستنی مافه‌ مه‌ده‌نییه‌كانی ئه‌ندامان , په‌یڕه‌و كردنی سوننه‌تێكی خه‌باتی چینایه‌تی ده‌بێت .

10- هه‌موو ئۆرگانێك به‌ پێی پێویستی خه‌باتی چینایه‌تی و ته‌نهاش وه‌كو دابه‌ش بوونی كار دروست ده‌بێت .

11- هیچ جۆره‌ خه‌باتێكی حزبیی نییه‌ , ته‌نیا خه‌باتی چینایه‌تی هه‌یه‌ .

12-ئه‌ركی ئۆرگانه‌كان له‌ لایه‌ن هه‌موانه‌وه‌ دیاری ده‌كرێت .

13- ڕێگا له‌ ئه‌ندام بوونی حزبی و چوونه‌ ده‌ره‌وه‌ی ناگیرێت .

14- هیچ خه‌باتێكی ده‌قه‌ریی , ناوچه‌یی , هه‌رێمیی , وولاتیی (ولاتیانه‌) ,, خه‌باتێكی چینایه‌تییانه‌ی كرێكاران نابێت , ئه‌گه‌ر ئه‌ڵقه‌یه‌كی زنجیره‌ی خه‌باتی نێونه‌ته‌وه‌یی نه‌بێت .

15- ئازادی هه‌ڵسووڕان و ڕا و بۆچوون و ڕه‌خنه‌ و پێشنیار و نووسین و به‌ره‌نگار بوونه‌وه‌ , بۆ هه‌موان چوون یه‌كه‌ .

16- هه‌موو كۆكردنه‌وه‌یه‌كی ئه‌ندامان به‌ ده‌وری داخوازییه‌كانی كه‌سێك یان گرووپێكی حزبیی و به‌ دژی هه‌ر كه‌س و ئۆرگانێك بێت , مافێكی ڕه‌وایه‌ و ده‌بێت به‌ ئاشكرا ئه‌نجام بدرێت و ڕێزی لێ بگیرێت .

17- هه‌موو پێوه‌رێك بۆ لێپرسینه‌وه‌ , له‌ لایه‌ن هه‌موانه‌وه‌ و به‌ پێی ناوه‌ندێتی خواره‌وه‌ , ده‌بێت پێوه‌رێكی چینایه‌تییانه‌ بێت و حزبییانه‌ نه‌بێت .

18- جێبه‌جێ نه‌كردنی هیچ بڕیارێك له‌ لایه‌ن ئه‌ندامانه‌وه‌ یان هه‌ر ئه‌ندام و ئۆرگانێكه‌وه‌ , جێگای لۆمه‌ كردنی فه‌رمی نابێت , چونكه‌ كار كردن تیایدا ئازاد و ئاره‌زوومه‌ندانه‌یه‌ .

19– حزب بۆی نییە هیچ بڕیارێك بە سەر هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکی کرێکاریدا دابسەپێنێت , هەمیشە وەرگرتنی بڕیارەکان لە لایەن کرێکارانەوە , ئارەزوومەندانەیە .

20– یاساکان جگە لە چینایەتی بوونیان , دەبێت هەموو ئەندامانیش بەشداری بکەن لە بڕیاردانیدا .

21– هیچ یاسایەك داسەپاو نییە بە سەر ئەندامانداو بە پێی ئەو ژمارەیەی لە سەری ڕێك دەکەوون بۆ بردنەوەی دەنگدان , دەتوانن هەچ کاتێك بیانەوێ , لای ببەن یان ئاڵوگۆڕی تیا پێك بهێنن .

22– هەموو کار و بڕیارێك بۆ کرێکاران و کۆمەڵگا , ئاشکرایە و نابێت کاری نهێنیانەی حزب ( ئەگەر پێویست بێت ) ڕێگر بێت لە بەردەم بردنە پێشەوە و بە ئاشکرا کردنی هەرچی زیاتری هەڵسووڕانە چینایەتییەکانی ئەندامان‌دا .

23– حزب لە ئامراز بوونیەوە بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار , ئامرازی ڕیکخستنی خۆیشی دەبێت .

24– حزب لە ئامراز بوونیەوە بۆ هۆشیار کردنەوەی چینی کرێکار , ئامرازی هۆشیار کردنەوەی چینایەتییانەی خۆیشی دەبێت .

25– پێشڕەوی چینی کرێکار نییە , ئامرازی خەباتیەتی .

26– ئیرادە لە ئەندام وەرناگیرێتەوە , بەڵکو ئیرادەی بۆ دەگەڕێنرێتەوە .

27– داخراو نییە بە ڕووی کۆمەڵگادا , بە ئەندازەی خەباتی چینایەتی کراوەیە .

28– نمونەی کۆمەڵگای سەرمایەداری نییە , نمونەی کۆمەڵگای سۆشیالیستییە .

29– ئەندامەکانی دەتوانن ئەندامی هەر حزبێکی تری کرێکاران بن لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت .

30– پەیوەندی کردن و بەیاننامە دەرکردن لەگەڵ هەر کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوێکی مرۆڤ دۆستدا , مافی بێ ئەملا و ئەولای هەر ئەندامێکە.

31– بڵاوکردنەوەی نووسین لە هەر بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتێکدا بێت , مافی هەموو ئەندامێکە .

32– ڕەخنە گرتن لە حزب و هەر کەس و ئۆرگانێك لە هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتێکدا بێت , مافی هەموو ئەندامێکە .

33– پاراستنی ڕێزی مرۆیانەی هەموو کەسێك لە ناوەوە و دەرەوەی حزبدا , ئەرکی چینایەتییانەی هەموو ئەندامانە .

34– هەر ئەندامە بە تەنیا و هەر هەمووشیان پێکەوە , لە هەموو کات و شوێنێکدا , بەرپرسیارن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نێونەتەوەییەکان .

35– مارکسیزم , زانستی ڕزگاری بەخشی چینی کرێکارە و دەبێت کاری پەیگیر لەو پێناوەدا و لە ناو چینی کرێکار و خودی حزبدا , بە ڕێوە بچێت .

36– هەر ئەندامێك یان کادرێك لە ڕێگای بردنە پێشەوەی خەباتی چینایەتییەوە , لە خۆشەویستی کرێکاران بەهرەمەند دەبێت و دواییش لە حزبدا وەکو ڕابەرێك لە خۆشەویستی ئەندامان بەهرەمەند دەبێت .

37– ڕابەر چەندە بە توانا و خۆشەویست بێت , خاوەنی هیچ پلە و پایەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نابێت .

38– هەموو جۆرە خەباتێك کە لە هەچ بوارێکدا بێت , لە پێناوی سەرخستنی کێشەی چینی کرێکاردا , بەشێك دەبێت لە خەباتی چینایەتییانەی حزب .

39– ئابوونەدان ئارەزوومەندانەیە و دەبێت ئۆرگانی ماڵیاتی حزب , ڕۆژانە هەر پارەیەکی پێدەگات لە سایتی فەرمی حزب یان ئەگەر سایتی خۆی هەبێت بڵاو بکرێتەوە . وە هەروەها خەرجییش هەمووی بۆ حزب و چینی کرێکار و کۆمەڵگا بڵاو بکرێتەوە . وە جگە لە کاری ڕۆژانە دەبێت ڕاپۆرتی مانگانەش لەو بارەیەوە هەبێت و لە سایت و ڕۆژنامەی حزبدا بڵاو ببێتەوە .

40– خۆهەڵبژاردن بۆ هەر ئۆرگانێك و کار کردن تیایدا , مافی هەموو ئەندامێکە .

41– خەباتی نێونەتەوەیی , وەك شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و حوکومەتی کرێکاری و دامەزراندنی سۆشیالیزم ،, بۆ حزبی بەرییی چینی کرێکار ( حزبی مارکسیستی ڕاستەقینە ) و ئەندامان هەر هەموویان مەبدەئە .

42- کار کردن تیایدا دەبێت بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و حوکومەت و سۆشیالیزمەکەی لە سەر هەردوو ئاستە خۆ وولاتی و جیهانییەکەی بێت . واتە بۆ سەرخستنی شۆڕشی جیهانی چینی کرێکاریش بێت , نەك تەنیا بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لەو وولاتەدا ( هەر وولاتێك بێت ) . یانی ناسینی پرەنسیپانەی کاری نێونەتەوەیی لە بواری تیئۆریدا و دابڕ کردنی لە هەڵسووڕانی ڕۆژانەی ئەندامان , نەك هەر وەلانانی بە کردەوەی بەدی هاتنی ئامانجەکانی چینی کرێکارە , بەڵکو کێشانەوەی ڕاستەوڕاستی دانپیانانی تیئۆریشە لەو مەیدانەدا . ئەمە پیادە کردنی دیلێکتیکە بۆ کۆمۆنیستەکان لە بواری خەباتی چینایەتییانەی کرێکاران و ئەرکە نێونەتەوەییەکانیاندا .

ئەم خالأنەی باسم کرد بە شێوەیەکی گشتی , چوارچێوە و سیستمی کار و چۆنیەتی ئەرکەکان و دابین کردنی ئازادییەکان و مافەکان , دیاری دەکەن .

خودی حزب لە پرۆسەی دروست بوون و چوونە پێشەوەیدا , دەتوانێت بە پێی میکانیزمێکی گونجا و بە بزووتنەوە سەرانسەرییەکەی و بە ئامراز بوونی بە دەست چینی کرێکارەوە و هەڵسان بە جێبەجێ کردنی بەردەوامیانەی ئەرکە نێونەتەوەییەکانی , بە کردەوە , وەڵام بە کێشەکان و ڕووداوەکان و دیاردەکان و هەموو ئەو پرسیار و نا ڕۆشنیانە بداتەوە کە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی بەرەوڕووی دەکاتەوە . کرۆکی ئەم باسە بۆ دامەزراندنی حزبی بەرییِنی چینی کرێکار , ناوەندێتی خوارەوەیە کە زەمینەی ڕابەرایەتی کردنی بە کۆمەڵە ( ڕابەرایەتی کردن لە لایەن هەموانەوە ) بۆ حزب . وە دیسانەوە کرۆکی ئەم باسە بۆ هێنانی ئاڵوگۆڕی جەوهەری بە سەر حزبەکانی ئەمڕۆی کۆمۆنیستیدا , بە هەڵوەشاندنەوە و بنیات نانەوەیان دەبێت لە دووتوێی شۆڕشی ئەندامانەوە ( چەوساوەکانی حزب ) بە سەر ڕابەرایەتییەکاندا ( چەوسێنەرانی حزب ) .

حەز دەکەم لە کۆتایی باسەکەمدا ئەوە بە خوێنەر بگەیەنم کە بەشی یەکەمی ئەم ووتارەم لە ڕۆژنامەی ( بەرەو سۆشیالیزم ) دا کە ڕۆژنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقە بە زمانی کوردی , بلاو نەکرایەوە , لە کاتێکدا کە خۆم ئەندامی هەیئەی تەنفیزی ( ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ) ئەو حزبەم و بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکەشم .

کۆتایی هات

2005-05- 17